## گرێی ئیلکترا:

گرێی ئیلکترا گوزارشتێکە بۆ خستنەڕووی عیشق و خۆشەویستییەکی زۆری کچ بەرامبەر باوک لەتەک نەفرین و ڕژدییەکی زۆر بەرامبەر دایک. ئەم پەیوەستبوونە بەهۆی دابونەریت و کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەرفەت و بوێری خۆدەرخستن بەدەست ناهێنێت، بە ناچاری دوو سۆزی دژیەک واتە خۆشەویستی بۆ باوک و نەفرین لە دایک بە توندی یەکتری سەرکوت دەکەن و بەهۆی ئەوەوە گرێی ئیلکترا پەیدادەبێت، گوزارشتی گرێی ئیلکترا لە ئەفسانەی یۆنانی کۆنەوە وەرگیراوە کاتێک ئیلکترای کچی ئاگامەمنوون لەوە تێدەگات، کە باوکی بە دەستی دایکی و بە کۆمەکی خۆشەویستەکەی دایکی کوژراوە، براکەی خۆی ئۆریست هاندەدات، کە دایکیان بکوژێت.



بەمشێوەیە دایکی ئیلکترا و مێردە تازەکەی بە دەستی ئیلکترا و ئۆرێست دەکوژرێن، دەروونناسان گرێی ئیلکترایان وەکو بنەمایەک داناوە بۆ هەندێک لە شیکردنەوە دەروونناسییەکانی خۆیان، کە بۆ دەقە ئەدەبییەکان ئەنجامیان داوە و چەند نموونەیەکی جۆراوجۆری ئەو گرێیەیان لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا شیکردۆتەوە بۆ نموونە لە چیرۆکگەلێکی وەک دڵبەندبوون و شەیدابوونی کچ بە هەر کەسایەتییەکی نێرینەی بەرزتر، کە بتوانێت لە ناخی ئەودا جێگرەوەی باوک بێت، نموونەیەک لە گرێی ئیلکترای بە مێشکدا دێت. شایەنی وتنە بابەتی جێنشینی، یان جێگرتنەوە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانە لە شیکردنەوە دەروونناسییەکاندا گرێ دەروونییەکان بە پێی هەڵکەوتە و بارودۆخە وە دە کرێ چە ند جۆرێك بن

## یۆنگ و کۆنەست = نەستی کۆ= نەستی دەستەجەمعی:

کارل گۆستاڤ یۆنگ دەروو نناسی بەناوباگی سویسری لەسەر بنەمای تیۆری کۆنەسێت ـی خۆی شیکردنەوەیەک بۆ گرێ بەدەستەوە دەدات، کە جیاوازی لەگەڵ تیۆری فرۆیددا هەیە. ئەو لەو باوەڕەیە کە هەموو ناخی مرۆڤ لە نەستە تاکەکەسییەکەیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو نەستی تاکەکەسی بەشێکی کەمی دەروونی مرۆ ڤ پێکدەهێنێت و بەشە گەورەتر و گشتییەکەی بریتییە لە کۆمەڵە دەستکەوت و کەڵەکەبوون و تێگەیشتن و هەست و چ ەندین هەڵچوون، کە ڕەهەندێکی سەراپایی هەیە و بە دەربڕینێکی دیکە کۆ نەستی مرۆڤ دەهێننەکایەوە.



ئەم عەمبارکراوانەی کۆنەست وابەسێتە نین بە ئەزموون و دەسکەوتە تاکەکەسییەکانی مرۆڤەوە، بەڵکو خاوەنی بیروباوەڕە و هەست و چەندین هەڵچوون، کە لە ڕابردوو و پێشینانە وە گوازراوەتەوە بۆی، بە پشتبەستن بەوەی کە وترا باوەڕی یۆنگ لەبارەی گرێ لە تیۆری ئەو لەبارەی کۆنەست جیاواز و دابڕاو نییە.

باوەڕی یۆنگ ئەوەیە کە گرێکان چە ند پارچەیەکن لە دەروونی مرۆڤ،
کە بەدوای ڕووداو و پێشهاتە ناخۆشەکاندا، یا بەهۆی خواست و ئارەزووە
نەگونجاوەکان چالاکی هەست پەشێو و پەرێشان دەکەن لە باوەڕی یۆنگدا
گرێکان بە پەیڕەویکردن لە یاسایەکی تایبەتدا دەردەکەون و وندەبن و
بوون و چالاکییەکی سەربەخۆیانەیان هەیە، بە هەمان شێوە لەتەک ئەوەی
کە وترا ئەو ئاماژە بە سن وورداربوونی ژمارەی گرێکان دەکات .لەو
بەشەی پێوەندی بە ڕەخنەی ئەفسانەیی و تەرزە کۆنەکان ەوە ە ەیە بە
وردی قسە لەبارەی ڕوانینەکانی یۆنگە وە دەکرێت.

